حەلبوسی لەگەڵ باڵیۆزی کوێت تاووتوێی پێوەندییەکان و هاوکارییەکانی نێوان هەردوو وڵات دەکات

سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران هەیبەت حەلبوسی، ئەمڕۆ هەینی، لەگەڵ باڵیۆزی کوێت لە عێراق حەسەن محەمەد زەمان، باسی لە پێوەندییەکان و هاوکارییەکانی نێوان هەردوو وڵاتی برا کرد.

لە راگەیەندراوەکی نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران کە دەستی ئاژانسی موتەبەع کەوتووە، هاتووە: "سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران هەیبەت حەلبوسی، پێشوازی لە باڵیۆزی دەوڵەتی کوێت لە عێراق، حەسەن محەمەد زەمان کرد."

راگەیەندراوەکە ئاماژەی بۆش کردووە: "باڵیۆزی کوێت پیرۆزبایی خۆی ئاراستەی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران کرد بەبۆنەی هەڵبژاردنی وەک سەرۆکی خولی شەشەم، و هیوای سەرکەوتنی بە خواست لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیدا." هەروەها وتی: "لە دیدارەکەدا گفتوگۆ کرا دەربارەی پێوەندییەکان و هاوکارییەکانی نێوان هەردوو وڵاتی برا، لەگەڵ تاووتوێکردنی چەند بابەتێکی جێی بایەخی هاوبەش."